ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
95
25 ی تشرینی یەکەم 2024 / ئۆکتۆبەری



## هەڵبژاردن و ئەزمونێکی دیکە!

موحسین کەریم

خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان، دوای دەورەیەک لە بێباوەڕی خەڵک بە هەڵبژاردن و دوای توندبونەوەی نارەزایەتی بەرامبەر بە دەسەڵات و سەرجەم هێزەکانی ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی، جارێکی دیکە بەشێکی لە خەڵکی نارازی و تورەی لەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی ڕاکێشایەوە ناو وەهمی گۆڕانکاری لەڕێگای دەنگدانەوە! ئەم خۆشباوەڕیەی خەڵک لەئاکامی ئەو چەواشەکاریەوە بوو کە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بەرامبەر بە هەڵبژاردنی ئەم خولەی پەرلەمان کردیان کە گوایە بواری تەزویری یەکێتی و پارتی نەماوە، چونکە هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە سەرپەرشتی دەکرێت، یەکێتی و پارتی توانای پارە بەخشینەوە و فشارخستنە سەر خەڵکیان نیە بۆ دەنگدان، ئامێرەکانی دەنگدان بەجۆرێکە کە کەس نازانێ دەنگ بەکێ دراوەو.. تاد. بۆیە دەکرێ بە بەشداری فراوانی خەڵکی نارازی و دەنگدان بە ئۆپۆزیسیۆن کۆتایی بە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بهێنرێ! ئەمە سەرەڕای کەمپینی هەڵبژاردنی یەکێتی کە گوایە دەسەڵاتی خۆسەپێنی پارتی دەڕوخێنن، بەئامانجی ئەوەی فەزای دژی پارتی

بۆ لاپەڕە ٢

## هەڵبژاردن تەواو ،بەڵام خواست و نارەزایەتیەکانی جەماوەر بۆ نان و کار و مەعیشەت و ئازادی هەر باقیە! ...لاپەڕە ٨



## لکاندنی هەرێم بە حکومەتی عێراقەوە کارەساتە!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## هەڵبژاردەی جەماوەری کرێکار و بێبەش بڕەودانە بە نارەزایەتیەکان

جەمال موحسین

بۆ لاپەڕە ٥



## قەیرانی حکومەتی تورکیاو پرۆسەی نوێی ئاشتی!

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ٦

## سیاسەتی ئیسرائیل لە شەڕەکانی غەززە و لوبناندا کۆتاییەکی ڕوونی نییە !

عوسمانی حاجی مارف......... لاپەڕە ١٠

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.......هەڵبژاردن و ئەزمونێکی دیکە!

که لەناو خەڵکدا ڕەواجی هەیە، بخاتەپشتی خۆی و ئەوەیش کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی بەشێک لەوانەی دژی پارتی بوون، بچنە پاڵ یەکێتیەوەو دەنگی پێبدەن!

تەنانەت لە ماوەی کەمپینی هەڵبژاردندا، سەرجەم هێزو لایەنەکانی بۆرژوازی، بەتایبەتی ئۆپۆزیسیۆن، کەوتنە هێرشێکی ناڕەوا بۆسەر ئەو کەسانەی کە ئامادە نەبوون بەشداری هەڵبژاردن بکەن و بە خزمەتکاری دەسەڵات تۆمەتباریان کردن. بەوجۆرە لەچوارچێوەی کەمپینێکی بەخشینەوەی درۆو چەواشەکاری و هێرشێکی ناڕەوا بۆسەر خەڵکی ناڕازی، توانیان ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان راپێچی دەنگدان بکەن. بەڵام چەند کاتژمێرێکی نەخایاند کە هەموو ئەو درۆو چەواشەکاریانەی بڵاویان کردبووەوە بەرامبەر بە پاکی و بێخەوشی دەنگدان و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، یاخود بە دەسەڵاتی خۆسەپێنی پارتی، هەمووی بووە بڵقی سەرئاو! پارتی دەنگی یەکەم و یەکێتیش دەنگی دووەمی دەنگدەرانیان بەدەستهێنا، کە سەرباری ئەوەی لەدنیای واقعدا هەر ئەوان دەسەڵاتدار دەبوون، بەڵام شەرعیەتی دەنگدانیان دایەوە بەدەسەڵاتەکەیان و سەرکەوتنێکی سیاسی گەورەیان بۆخۆیان تۆمارکرد. بەڵام ئەوەی کە کڵاوی یەکێتی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ساختەچی کرایە سەری، ئەو خەڵکە نارازایە بوون کە بە درۆکانی ئۆپۆزیسیۆن و یەکێتی بروایان کردبوو.

بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوەوە، ئەمجارەیان گەورەترین تەزویرو ساختەی رێکخراو لەدەنگی خەڵک کرا. ساختەکاریەکە بەجۆرێکە کە هیچ بوارێکی بۆ داپۆشین نەهێشتۆتەوە. ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە باسی نەزاهەتی دەنگدانی دەکرد، ئێستا خۆیان باسی ئاستێکی بێوێنە لە ساختەکاری دەکەن بەوەی کە هەموو ئامێرەکانی دەنگدان بەشێوەیەکی بەرنامەکراو لە بەرژەوەندی پارتی بەپلەی یەکەم و یەکێتی بە پلەی دووەم بەرنامەکراون. هەر خۆیان باس لەوە دەکەن کە لەدەیان بنکەی دەنگدان ژمارەی دەنگەکانیان کە لەلایەن کۆمیسیۆنەوە ڕاگەیەنراوە زۆر کەمترە لەو ژمارەیەی کە لای چاودێرەکانیان تۆمارکراوەو بە بەڵگەوە لایانە!

بەمجۆرە ئەم هەڵبژاردنە جارێکی دیکە ئەزمونێکی نێگەتیڤی لەسەر مێژووی خەباتکارانەی بەشێک لە خەڵکی ناڕازی کوردستان تۆمارکرد. جارێکی دیکە ئەوەی دوپاتکردەوە کە هەرجۆرە وەهمێک بە باڵەکانی بۆرژوازی، چ بەو بەشەی دەسەڵات کە خۆی وەکو دۆستی خەڵک نیشان دا یاخود ئەو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنانەی بۆرژوازی کە بانگەشەی کۆتایی هێنانی دەسەڵاتی میلیشاییان دەکرد، یاخود باسی چاکسازییان لە سیستەمی حوکمرانی کوردستاندا دەکرد لەرێگای پەرلەمانەوە، چەندە گورزێکی سیاسی کوشندە دەدات لە هەوڵەکانیان بۆ ئاڵوگۆڕ لە ژیان و گوزەرانیاندا و چەندە رێگای خەبات و تێکۆشانیان سەختر دەکات و گەیشتنیان بە هیواو ئومیدەکان و خواستەکانیان دوورتر دەخاتەوە. ئەم هەڵبژاردنە وەکو هەموو جارەکانی دیکە، سەدجار ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێک لەژیان و گوزەران و مافەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش و چەوساوەدا تەنهاوتەنها لەرێگای خەباتی هوشیارانەو رێکخراوی خۆیانەوە مەیسەردەبێت! ئەو ڕاستیەشی دووبارە سەلماندەوە کە بەڵێنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ باشکردنی ژیان و گوزەران و ئایندەی خەڵک لەرێگای دەنگدان و پەرلەمانەوە شتێک نیە بێجگە لە مامەلەیەکی سیاسی ساختەکارانە بۆ بەبەلاش وەرگرتنی دەنگی خەڵک لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :
عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرەو سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: دشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
جەمال موحسین
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤاییەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# لکاندنی هەرێم بە حکومەتی عێراقەوە کارەساتە!

عوسمانی حاجی مارف

حیزبی دەعوە و لایەنە شیعەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە هەوڵیانداوە عێراق وەک دەوڵەت و کۆمەڵگا لەناوببەن و لە بازنەی دواکەوتویی و هەژاری و بێکاریدا بیهێڵنەوە تا هەر هەوڵ وهەنگاوێک بەرەو ڕێکخستنەوەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازادو پێشرەو و شارستانی و یەکسان بەپێی دوو ئاراستە پووچەڵ کەنەوە.

ئاراستەی یەکەم کە هەوڵی خوڵقاندن و درێژەدان بە دابەشبون و ڕکابەری نێوان مەیلی تائیفی و قەومی، تائاستی خولقاندنی شەڕی تائفی و قەومی، لەم ئاراستەیەوە مشتەکوڵەی دەسەڵاتی ئاسنینی شیعەی سەر بەئێرانیان دامەزراند، لەژێر "ناوی چوارچێوەی هەماهەنگیدا."

ئاراستەی دووەم کە حیزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی دوو خولی(٢٠٠٦-٢٠١٤) گرتیەبەر، بریتییە لە دامەزراندنی هێزی ئەمنی تایبەت بە لایەنە شیعەکان بەهاوتەریبی لەگەڵ هێزە فەرمیەکان، کە لە کوتلە و میلیشیا شیعەکان پێکدێت، بەئامانجی کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی جومگەکانی دەوڵەت و زاڵبوون بەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکانیدا. مالیکی خۆی دانی بەوەدانا کە ئەو دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەو میلیشیا و کوتلانەی سەر بە دەوڵەتە "هێزەکانی حەشدی شەعبی" کە ژمارەیان زیاتر لە ٧٩ کوتلەی چەکدارە.

بۆئەوەی ئەم دەوڵەتەی کە بەدەسەڵاتداری لایەنە شیعەکان ڕێکدەخرێت، هێز و کاریگەری و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدیاتی هەبێت هاوپەیمانیەکی بەهێزیان پێکهێنا، کە حزب و کوتلە شیعەکانی سەر بەئێران لە هاوپەیمانیەکەدا کۆدەکاتەوە بەناوی "چوارچێوەی هەماهەنگی"، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هاوپەیمانیە سێ قوڵییەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا؛ وەک ڕەوتی سەدر(٧٣ کورسی) پەرلەمان، پارتی دیموکراتی کوردستان (٣١ کورسی)، هاوپەیمانی سەروەری (٦٥ کورسی)، بەڵام دوای کشانەوەی ڕەوتی سەدر لە هاوپەیمانیەکەی، دەنگەکان گەڕایەوە بۆ چوارچێوەی هەماهەنگی کە دۆڕاوی ناو هەڵبژاردن بون. بەمشێویە "دۆڕاو" گۆڕا بۆ گەورەترین بلۆکی پەرلەمانی. ئەمەش وای لێکرد حکومەت لەسایەی دەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگی پێکبهێنرێت. بەمشێوەیە حکومەتێک دامەزرا کە حکومەتی فەرمی بە سەرۆکایەتی محمد شیاع سودانیە، حکومەتی سێبەریش بە سەرۆکایەتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و فراکسیۆنەکان پێکهێنرا!

ئەم پێکهاتەیە لە دەسەڵاتی حزبی، بە ناوی چوارچێوەی هەماهەنگی و لە سایەی ،هێزی حەشدی شەعبیداله جۆری بەڕێوە بردنیان بۆ سەرمایەگوزاری لە عێراقدا، ڕەخساندی دۆخێکی گونجاوە بۆ درێژەدان بە گەندەڵی لە کۆمەڵگا و دەوڵەتدا، لەهەمانکاتدا خنکاندنی خەڵکە لە تالاوی جەهل و بێکاری و ئاژاوە و مادەی هۆشبەر و تیرۆرکردن و چەرخی ململانێ و شەڕی تائیفی و قەومیدا!

لەماوەی حوکمڕانی درێژخایەنی ٢١ ساڵی ئەم حزبە دەسەڵاتدارانەدا، نەک هیچ خزمەتێکی بەرچاویان بە شارەکانی عێراق نەکردوە، بەڵکو وێرانکاریان تێدا بڵاوکردۆتەوە. بۆخۆشیان گەورەترین سەرمایەیان کەڵەکە کردوە. ئەوەی کە تا ئێستا بە ڕوونی دەیبینین تالانکردنی سامانی گشتی و دزینی خەزێنەی دەوڵەت و کۆنترۆڵکردنی جومگە ئابوری و دارییەکانی عێراقە.

حزبە دەسەڵاتدارە پێکهێنەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لاوازبونی هاوسەنگی هێزیانەوە و بەناوی پێکەوەژیانی ئاشتیانە، ملکەچی دەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگی بوون و ناچارکراون کە تالانکردنی سامانی هەرێمیش بخەنە ژێردەستی حکومەتی عێراقەوە.

لەکاتێکدا باس لە پەیوەندی مشتومڕاوی نێوان بەغدا و هەولێر دەکرێت، بەتایبەتی لەسەر لکاندنەوەی تەواوی سەرچاوە ئابوری و داراییەکانی هەرێم بە عێراقەوە، وەفدێک بە سەرۆکایەتی وەزیری دارایی حکومەتی عێراق (تەیف سامی) لە هەولێر، لەسەر سەرچاوە و پرۆژە ئابوریەکانی هەرێم لە گێژاوێکدان، کە تائێستا بە ئاراستەیەکی شەفاف و ڕۆشندا تێناپەڕێندرێت، ناشزانرێت کەی یەکلایی دەبێتەوە. ئەمەش چارەنوسی مامەڵەکردن بە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی وەها ئاڵۆز کردوە، کە هەر مانگە جۆرە پاساوێک دەکەنە هۆی دواکەوتنی موچە. وەرگرتنی مووچەی فەرمانبەران بۆتە ڕووداوێکی ناوازە کە لەلایەن میدیاکانەوە وەک هەواڵێکی خۆش بۆ دانیشتوانی هەرێم بڵاودەکرێتەوە، لەهەمانکاتدا پرسی موچە بۆتە کێشەیەکی بێوەلامی ململانێی نێوان بارزانی و تاڵەبانی.

لەهەمانکاتدا شیعەکان هەوڵئەدەن پێی هەرێمیش بکێشنە ناو تالاوەکانی عێراقەوە، بە گەمارۆدان و برسێتی و دواکەوتویی بڵاوکردنەوەی دوو بەرەکی و دژایەتی هەرجۆرە سیمایەکی شارستانیە لە ناوچەکەدا وەک سەپاندنی یاسای باری کەسێتی، لەهەمانکاتدا قوڵکردنەوەی کێشەکان و ململانێکانی نێوان

بارزانی و تاڵەبانی تا ئەو ئاستە کە ململانێکانیان هۆکاری زیاتر توندبونەوەی بارگرژی نێوان هەردوو لایان بووە، وەک لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دیمان.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە عێراق شایەتی ململانێی نێوان داکۆکیکارانی دەوڵەتی مەدەنی و داکۆکیکارانی دەوڵەتی ئایینی نەبووە و دەوڵەتی مەدەنی هەتیو کەوتوە. ئەمریکا ئەو بابەتەی بەوشێوەیە یەکلاییکردەوە کە دەسەڵاتی ڕادەستی نووری مالیکی کرد کە بە توندڕەوێکی مەزهەبی ناسراوە. مالکیش دەیزانی کە دەسەڵاتێک بەڕێوەدەبات دەکەوێتە نێوان دوو دوژمنەوە، ئەمریکا و ئێران، بەڵام بەئاشکرا لەسەر باڵادەستی ئێران بەسەر عێراقدا گیرسایەوە.

دۆخەکەش بەرەو شەڕێکی ناوخۆ کێشرا کە تێیدا هەزاران کەسی بێتاوان کوژران و شەڕێک، کە هێزەکانی عێراق پێشئەوەی بتوانن چەکەکانیان لە شەڕدا تاقی بکەنەوە، شکستیان هێنا. عێراق بەشێکی زۆری سەروەت و سامانەکەی لەدەستدا لەبەرامبەر ئەوەی تا مالیکی دەوڵەتەکەی دامەزرێنێت، کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. هەموو ئەو یاسا ناوازانەی کە لەلایەن مالیکیەوە دەرچووە بە مەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی گروپەکانی خۆیەتی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی لە حکومەتی عێراقدا بە پاشکۆبونی بە ئێرانەوە. کاتێک مستەفا کازمی هەوڵیدا بە بەشێکی کەم بەو یاسایانەدا بچێتەوە، میلیشیاکان ماڵەکەیان بۆردومان کرد. ئەمریکا عێراقی کێشایە ناو زەلکاو و تەڵەیەکی تائیفیەوە. کەوتنە ناو ئەو تەڵەیە، دەبێتە هۆی کوێربون، ئەوەی لەناو ئەو تەڵەیەدا یاری بکات واقیع بین نابێت، ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ حەقیقەتدا بکات. بۆیە هەموو ئەو ڕاستیانەی کە لەلایەن شیعەکانی عێراقەوە پیادەدەکرێت، لە واقیعێکی ناکۆکەوە وەرگیراوە کە لە ساڵی ٢٠٠٥وە بە ئیرادەی ئەمریکی و ئامۆژگاری ئێران، دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە.

شیعەکانی عێراق بەشێوازێکی ئێرانی بیردەکەنەوە. ئەگەر شەڕێک لە دژی ئێران دەستپێبکات، لەگەڵیدا دەوەستن و شەڕی بۆدەکەن، ئەمە هاوکێشەیەکی سەیرە جێگای سەرسورمان و تێڕامانە کە پاشکۆبون بۆ دەوڵەتێک دەوڵەتی خۆت بکەیتە قوربانی، بەڵام وڵاتێک کە سێ ملیار دۆلار بۆ سەردانی حوسێنیە خەرج بکات، ئیتر پێوەرێکی گونجاوی تیا بەدی ناکرێت بۆ بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی و ئینسانی.

ئەم پێکهاتەیە لە حکومەتی ئێستای عێراق بەهیچ جۆرێک جێگای متمانە نیە، کە پێوەرێک بێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بەبێ ئێران، جێگیرکردنی دەسەڵاتێک بێت بەبێ هێزی میلیشیا، بەبێ ستەمی سیاسی، یان ئایندەیەک بێت بۆ ئارامی و خۆشگوزەرانی دانیشتوان، نمونەی دەسەڵاتێکی تەواو نەرێنیە لە گۆشەکیردنی دەور و ئیرادەی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا، بێئیرادەکردنی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی سادەترین خواست دەچەسپێنێت. ئەم چوارچێوە سەروخەڵکیە شایستەی ژیانی بەشەریەت نیە و پێویستە هەڵوەشێتەوەو کۆتایی پێبهێنرێت، چونکە مۆرانەیەکە بۆ کەڵەکەی سەرمایەو پاراستنی سەرمایەداری، ژیانی مرۆڤەکانی عێراق دادەرزێنێت.

هەر ئەم مۆرانەیە لەرێگەی ئاست نزمی و ریسوایی و تالانچی دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانیەوە، خەریکە پەلدەهاوێت بۆ هەرێمێکی شەقوشڕی وەک کوردستان بەناوی ناوەندکردنەوەی عێراقەوە، ئەو ناوەندبونەی کە ئایندەی هەرێم و موچەی فەرمانبەران و گوزەران و قوتی خەڵک دەخاتە ناو پرۆسەیەکی پێچیدەو نادیارترەوە .

پێویستە ڕێگە نەدرێت هەرێمی کوردستان بەناوی موچەو هەر بیانویەکی ترەوە بکەوێتە ژێردەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگیەوە، ڕێگە نەدرێت بارزانی و تاڵەبانی خەڵکی کوردستان بخەنە ناو ململانێی نێوان خۆیان و حکومەتی عێراقەوەو یاری بە چارەنوسی ژیانێکی پڕ لەگێژاوی ترمان بکەن. خەڵکی عێراق و کوردستان پێویستیان بە شۆڕشێکە لە هەنگاوی یەکەمدا کۆتایی بەتەواوی هێزە میلیشیاکان لەکوردستان و عێراق بهێنن.

★

*** حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەرجۆرە بڕیارێک لەبارەی ئایندەی سیاسی کوردستانەوە کە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و تەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی مەرکەزی، وەیان ڕێککەوتنی سەروخەڵکیی نێوان دەوڵەت و حزبە محەلیەکان پیادە بکرێت، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە بە نامەشروع و دژ بە ئیرادەی سیاسی ئەوان دادەنێت.**

*** حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە دژی هەر چەشنە هەوڵێکی کۆنەپەرستانە بۆ جیاکردنەوە و بەگژیەکداکردنی دانیشتوانی کوردزمان و باقی دانیشتوانی کوردستان و عێراق ڕادەوەستێ و خەبات دەکات لە پێناو دورخستنەوەی جەماوەری کوردستان لە ململانێ و کێبەرکێی کۆنەپەرستانەی نێوان ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب.**

# هەڵبژاردەی جەماوەری کرێکار و بێبەش برەودانە بە ناڕەزایەتیەکان

## جەمال موحسین

ئەوەی تائێستا و بەپێی ئەنجامی بەرایی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەندراوە کە پێدەچێ دوائەنجامیش بێت، پارتی و یەکێتی یەکەم و دووەم و ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازیش، کە بەهێزترینیان نەوەی نوێیە، لەدوای ئەوانەوەیە. ئەم ئەنجامە کە دەرخەری ئەو ڕاستییە سیستمی سیاسی و دەسەڵات بۆ چینی سەرمایەدار و پارەداران پارێزراو و وەک خۆی ئەمێنێتەوە (دیارە بەجیا لەوەی کە ئاڵوگۆڕی جیهانی و ناوچەیی چ شتێکی تر ئەسەپێنێ)، لەولاشەوە تۆزقاڵە زەڕڕەیەک لە واقعی ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ناگۆڕێ. ئەوەی کەمێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە ژمارەی کورسی ئەم لایەن و ئەو لایەنی پێکهێنەری سیستمی دەسەڵات و حوکمڕانی و نەیارانی هاوبەشیان لەو سیستمەدایە.

لەم نێوەدا براوەی یەکەم لە گۆڕێدا نییە، براوەی سەرەکی چینی دەسەڵاتدار و سەرمایەدارە و بەناوی "دەنگی زۆرینە" وە ڕەوایەتی بەخۆی داوەتەوە و درێژە بە دەسەڵاتداریتی ئەدات. بەمجۆرە خۆیان وا نمایش ئەکەن کە براوەی سەرەکی و پێکهاتەی سەرەکی دەسەڵاتن و ئەوان حکومەت پێکئەهێنن و بۆ ٤ ساڵ یان زیاتر لەوە وەک تاشەبەردێک بەسەر دڵی کۆمەڵگەوە ئەمێننەوە. ئەوە ئەوانن کە بڕیار ئەدەن جەنگ بکەن یان نا، نان و موچە بدەن یان نا، ئاخۆ کارەبا و خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و پەروەردە و...هتد دابین ئەکەن یان نا. سەرئەنجام ئەوەی دەستی لێنەدراوە جێگەوڕێگەی ئەوانە وەک سەردار و سەروەر و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشیشە وەک ژێرچەپۆک و ژێردەستە و کۆیلەی کاری بەکرێ بۆ کۆمپانیا ڕەنگاوڕەنگەکانی پێکهاتەکانی ئەو چینە باڵادەستە. کەواتە داخوازی ئەوان کە ڕەوایەتی بدەنەوە بە سیستم و حوکمڕانی چینی سەرمایەدار و باڵادەست وەک خۆی بەدیهاتووە و داخوازی خەڵکی کرێکاری و بێبەشیش بۆ باشبوونی ژیان و ئارامی و ئاسودەیی و ئازادی لەجێی خۆی و بێهاتنەدی ماوەتەوە. ئەوان کاری خۆیان تەواو کرد، جارێکی تر پەنجەمۆری خەڵکیان بۆ ڕاگرتنەوە و هێشتنەوەی هەمان جۆر لە دەسەڵات و چەوسانەوە و ملکەچکردن وەرگرتەوە و بەمجۆرەش ئەیانەوێ جەماوەری ناڕازی بێئومێدانە بنێرنەوە ماڵەوە. کۆڵێک بەڵێنی سواو و درۆیینەشیان بۆ ئێوە بەخشییەوە و هەروەک پێشوو نە هیچ جۆرێک لە دەسەڵاتداریتی کە لە کوردستاندا هەیە و نە ئەمەی ئێستاشیان، بوار و چوارچێوەیەکە بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان.

درۆ و درێژەدان بە چەوسانەوە لەوان و پرسیاری ئەوەش لە ئێمە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کە لێرەبەدوا چی ئەکەین و خەبات و ناڕەزایەتیەک کە چەند ساڵە لە دژی ئەو دەسەڵاتە بە خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆت بەرپامانخستووە چۆن درێژەپێئەدەین!؟

ئەوان ئیتر دێنەوە سەر ئەوەی کە کام لایەنە و لەگەڵ کێی تردا ڕێکبکەوێ و کورسیەکانی دەسەڵات و بەمجۆرەش دزینی داهات و سەروەتی کۆمەڵگە چۆن لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن. بە داخەوە ڕۆڵێک کە ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا گێڕای ئەوە بوو خەڵک خۆشخەیاڵ بکەن کە بچن دەنگ بدەن و لەڕێی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە "دەستاودەست بە دەسەڵات بکەن!". بەمجۆرە ئەو ڕقەی خەڵک بەرامبەر دەسەڵات و تاڵانچییەکەی هەیبوو، بکرێ بە قورگی لایەنەکانی تری دەرەوەی ئەواندا، واتە ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی. ئۆپۆزسیۆنێک کە نە بەرنامەی لەنێوبردنی کاری بەکرێ و چەوسانەوەی چینایەتی هەبووە و بگرە نەک لەگەڵ یەکسانی ژن و پیاودا نەبووە، بەڵکو هەرچی کۆنەپەرستی هەیە لە خۆی کۆکردبووە. بۆیە پیرۆزباییکردنی سەرکەوتنی هەڵبژاردن بۆ ئەوان چ یەکێتی و پارتی و چ نەوەی نوێ وەک ئۆپۆزسیۆنێکی بۆرژوازی، لەوێوەیە کە هەموان توانییان جارێکی تر پەنجەمۆری خەڵک بۆ درێژەدان بە سیستمەکەیان وەربگرنەوە.

ئەوەی کە ئەمە وەک خەتایەک بۆ خەڵک حساب بکرێ، ناحەقییە. بەڵام جەماوەری بەرینی کرێکار و بێبەش و ناڕازی لەلایەک باجی نەبوونی ئاگاییەکی سیاسی ڕۆشن و سەربەخۆ لە باڵە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەوە ئەدەن. لەلایەکی تریشەوە، بەهۆی نەبوونی بەدیلێکی بەهێزی ڕادیکاڵ کە لە بەرژەوەندی چینایەتی ئەوانەوە خۆی لە کۆمەڵگەدا دەرخستبێ، خەڵک لە دژی یەکێتی و پارتی و خۆشخەیاڵانە جارێکی تر کەوتە داوی ئەوەی دوای شکستی گۆڕان، کۆلکەگۆڕانێکی وەک نەوەی نوێ تاقیبکاتەوە. ئەوەی ئەوانی گەیاند بەوەی شانازی بە دەنگەکانیانەوە بکەن، خودی نفوزی ئەوان نییە، بەڵکو قوستنەوەی ئەو ناڕەزایەتیانەیە کە خەڵک لێرەولەوێ بەرامبەر بە نەدانی موچە، دانەمەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و گرێبەستەکان، گرانی و بێکاری و بێمافیەکان کردوویانە. خاڵێک کە پێویستە وەک ئەزمونێک بۆ

خەڵک لە دوای شکستی گۆڕان و دووبارە سەربەرزکردنەوەی هێزێکی وەک نەوەی نوێ چاوی لێکرێ ئەوەیە ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی بە باڵە ڕەنگاوڕەنگەکانیانەوە چ لە فۆرمی لیبراڵیدا بن یان ئیسلامی، خۆیان بە ناڕەزایەتی خەڵکدا هەڵواسیوە تاکو لەو سیستم و دۆخە بخۆن و کۆمپانیاکانی ئەوانیش پشکێکی زیاتری لە چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانیان بەربکەوێ.

خەڵکی کرێکار و بێبەش پێویستە لە گۆشەنیگای ناڕەزایەتیەکانی لە دۆخ و هەلومەرجی مەوجود و داخوازیەکانی بۆ ژیان و بژێوی باشتر تەماشای هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی بکات. ئەوکات پەی بەو هوشیاریە چینایەتیە زیاتر ئەبات کە کاری لێرەبەدوای زیاتر و زیاتر ئەبێت، ئەویش بە پێداگری و جەختکردنەوەی زیاتر بۆ ناڕەزایەتیەکان و برەوپێدانەوەیان.

لەئێستا بەدواوە ئەو خەڵکە زەحمەتکێشەی کە بەهەر هۆیەکەوە بێت، چ بە زۆر و ناچارکردن و هەڕەشەی نانبڕین و چ بە خۆشخەیاڵیی ئەوەی کە هەڵبژاردن دۆخی چەوسانەوەیان ئەگۆڕێت، دەنگی پێداون، پێویستە لەسەر هەر بەڵێنێک کە ئەو لایەنانەی پێکهاتەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی پێیداون، یەخەیان بگرن. پێویستە لە هەوڵی سەراسەریکردنەوەی ناڕەزایەتیەکاندا بین و بەهەر شێوازێک پێمانئەکرێ درێژەی پێبدەین، بەڵام زەمانەتی خۆڕێکخستن لە ڕێکخراوێکی جەماوەری سیاسیدا بکەین. ڕێکخراوێک کە هەم ڕابەرایەتی و سەرپەرشتی ناڕەزایەتیەکان و فراوانکردنەوەیان بکات و هەمیش جەماوەر بۆ ڕامالینی ئەو دەسەڵاتە و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە ئامادە و سازبکات.

★

# قەیرانی حکومەتی تورکیاو پرۆسەی نوێی ئاشتی!

## نوری بەشیر

چەند ڕۆژێکە حزبەکانی ناو پەرلەمانی تورکیاو میدیای ناوخۆ و ناوچەکە باس لەسەر پرۆژەیەک دەکەن بۆ ئاشتی لە تورکیادا و ئەمەش دوای قسەکانی دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی پارتی نەتەوەیی تورک "مەهەپە" بوو کە لە پەرلەمانی تورکیا ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەر کە ووتی: "با ئۆجەلان بێتە پەرلەمان و قسە بکات بۆئەوەی کۆتای بە تیرۆر بێت!"

ئەم قسەیەی باخچەلی بەدوای ئەوەدا هات کە ناوبراو لە١ی ئۆکتۆبەردا کە ڕۆژی کردنەوەی خولی نوێی پەرلەمان بوو، چووە لای هاوسەرۆکەکانی دەم پارتی و تەوقەی لەگەڵدا کردن. دوای ئەوە، ئەوەبوو لە ٢٢ی ئۆکتۆبەردا لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەیدا، بەدوای ئەوەی کە قسەیەکی زۆری کرد لەسەر زەرورەتی یەکپارچەیی تورکیا، نزیکبوونەوەی حزبەکان لەبەرژەوەندی تورکیاو هەروەها دژی تیرۆرو هێنانی ئاشتی و ئاسایش بۆ تورکیا. لەقسەکانیدا باخچەلی داوای کرد گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان هەڵبگیرێت و ئۆجەلان بێت و لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی دەم پارتی لە پەرلەمان قسە بکات و بڵێت " تیرۆر بە تەواوی کۆتاییهاتووە و بڵێت ڕێکخراوەکە هەڵوەشێندراوەتەوە"،

باخچەلی لە قسەکانیدا زۆر ئیشارەی ادا بەوەی کە خۆشی و ئاشتیان بۆ خەڵکی کورد دەوێت لەچوارچێوەی تورکیادا.

ئەمە بووە شوێنی قسەوباس و هەڵوێستی هەموو حزبەکانی پەرلەمان لەوانە: جەهەپە، دەم پارتی و هەروەها ئاکپارتی، کە بەگشتی هەموو حزبەکان هەڵوێستی ئەرێنی و ڕەزامەندیان نیشاندا، بەتایبەت خودی ڕەجەب تەیب ئەردوگان وەک سەرۆککۆمارو پارتەکەی پارتی دادو گەشەپێدان. ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانی ئاکپارتی ئەم هەنگاوەیان بەباش زانیوەو داوایان کردووە کە دەم پارتی بەزوویی هەڵوێستی خۆی بەیان بکات. هەروەها ڕەمزی کارتال هاوسەرۆکی پارتی گەل وتویەتی ئێمە ئەم هەنگاوەمان پێباشەو پێمانوایە ئۆجەلانیش ڕازی دەبێت، بەڵام دەبێت سەرەتا گۆشەگیریی سەر ئۆجەلان لاببرێت و ئەو هەنگاوە دروست نیە کە باخچەلی بۆ ئۆجەلانی داناوە ئاوا قسە بکات، وە زەرورە ئەم کارە هیچ فێڵێکی تێدا نەبێت.

ئەم پرۆژەیە بەپێی ڕەزامەندی ئەردوگان ڕێکەوتنی پێشوەختەی لەسەر بووە، واتە ئەمە پێشنیاری حکومەتەکەیانە، کەخۆیان لەڕابەریەکەیدان و هەردووکیان و حزبەکانیان وەک دوولایەنی قەومی و ئیسلامی کۆنەپەرست کە نوێنەرایەتی بۆرژوازی تورکی دەکەن، هەردوولایەنیش نەک تەنیا بەدژی خەڵکی کوردستان، بەڵکو بەدژی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی سەراسەری تورکیان و لانیکەم لەدەیەی ڕابردوودا کۆمەڵگایان لە گێژاوی قەیرانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی قوڵدا ڕاگرتووە، وە لەسیاسەتی کێشەو پەلکێشان بۆ وڵاتانی ناوچەکە لە کێشەو شکستی بەردەوامدان، لەوانە کێشەی قوبرس و یۆنان، کێشەیان لە سوریاداو هێنانی دەیان هەزار سەربازو کردنەوەی دەیان سەربازگە لە ناوچەی زەردی پارتیدا لە کوردستانی عێراق لەژێر ناوی دژایەتی تیرۆرو پەکەکەدا.

ئەم هەلومەرجە قەیراناویە کە پارتەکانی ئەردوغان و باخچەلی ڕووبەرووی تورکیایان کردۆتەوە، سەرەرای

قەیرانێکی قوڵی ناوچەکە، بەتایبەت کە لەیەک ساڵی ڕابردوودا بەهۆی شەڕی ئیسرائیلەوە بەسەر خەڵکی غەززەو ناوچەکەدا سەپێنراوە، لە کاولکردنی غەززەو بە غەززەکردنی لوبنان و هێرش بۆسەر سوریاو حوسیەکانی یەمەن و ترسی هێرش بۆسەر عێراق و هەڕەشەکردنی هێرش بۆسەر ئێران، دۆخێکی ناسەقامگیری بۆ حکومەتی تورکیا و حزبە دەسەڵاتدارەکانی دروست کردوە.

ئەگەرچی قوربانی یەکەمی هەلومەرجی ناوچەکە خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی ئەو وڵاتانە دەبن، بەڵام حکومەتە قەیرانگرتووەکانی ناوچەکەش بەبێ زیان لێی دەرناچن. هەر ئەمەش کە مەهەپەو ئاکپارتی لێی دەترسن و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا لەبەرامبەر پێشنیارەکەی باخچەلیدا دەڵێت: باسی نزیکبوونەوەی مەهەپە و دەم پارتی لەبارەی دەستپێکردنەوەی پرۆسەیەکی نوێی ئاشتیەو دەڵێ، "دەستێک هەیە بە ئیرادەوە درێژکراوەتەوە لەپێناو خەباتی وڵاتەکەمان و دیموکراسی، ئێمە پێشوازی لێدەکەین و بەئەرێنی و مانادار سەیری دەکەین، باخچەلی لە چوارچێوەی سیاسەتی تورکیا جەخت لە ئاشتی و دیالۆگی گرینگ دەکات، ناتوانین ئەو هەنگاوەی بەرێز باخچەلی دەستپێکردووە بەلاوە بنێین و .... هیوادارم بنەمای کۆدەنگی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستووری نوێ زیاتربکەین و کلیلی کێشەکان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکەماندایە، هیواخوازم هەموولایەنەکان لەم پرۆسەیەدا بەشداربن" هەروەها دەڵێ: "لەلایەک گرژییەکان لە عێراق لەزیادبوونە و شەڕی ناوخۆی سووریا و هەڕەشە و درندەیی ئیسرائیل و بوونی تیرۆر هۆکارێکە کە لەناوخۆی وڵات ئاشتی دابمەزرێنین و هەنگاوی ڕیشەیی بنێین لە سیاسەت و دیموکراسی بۆیە پشتگیریی و پشتیوانی تەواو و بەهێزمان بۆ ئەم هەنگاوە هەیە ".

سەرۆککۆماری تورکیا لەکاتی گەڕانەوەی لە وڵاتانی ئەلبانیا و سربیا لەنێو فڕۆکەدا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕاگەیاند، "ناتوانین هەڕەشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر وڵاتەکانمان پشتگوێ بخەین، ئامانجی ئیسرائیل تەنیا تێکدانی سەقامگیری فەلەستین و لوبنان نییە، دەیەوێت ئاگرەکە کاریگەری بۆ ناوچەکانی دەوروبەریشی هەبێت...". لەولاشەوە ئۆجەلان لەڕێگای برازایەکیەوە کە ئەندام پەرلەمانی دەم پارتیەو پارێزەرە، لە ئیمراڵی سەردانی کردوە، ڕایگەیاندوە کە هێزی ئەوەی هەیە ئەم دۆخە لە زەمینەی پێکدادانەوە ڕابکێشێت بۆ زەمینەیەکی سیاسی. دەتوانێت کۆتایی بە پێکدادان و تووندوتیژی بهێنێت. هەروەها موراد قەرەیلان، فەرماندەی بڕیارگەی ناوەندی پاراستنی گەل، کە باڵی سەربازیی پەکەکەیە، لەبارەی پرۆسەی چارەسەری پرسی کوردەوە، ڕایگەیاند " ئەگەر ڕەوشێکی باش بێتەکایەوە کە بەرژەوەندیی تورکیا لەبەرچاو بگرێت، وڵاتپارێزی ڕاستەقینە بگرێتەخۆ و لەسەر ئەم بناغەیە هەندێک هەنگاوی نوێ بگیرێتەبەر، لایەنی کوردیش ناڵێت نەخێر بۆ ئەمە، بەڵام دووبارە هەنگاو نانێت بۆ سەر مێزێکی شل".

ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە هەم حکومەتی هاوبەشی ئۆردوگان- باخچەلی، وەکو دوو هێزی کۆنەپەرستی بۆرژوازی فاشیست، لەم دۆخەدا پیویستی بەوەیە کە دۆخی ناوخۆی کەمێک ئارام بکاتەوە تا بتوانێ بەو تەحەدیانەدا بگات کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەییدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هاوکات بۆ پەکەکەو عبدللە ئۆجەلان دەرفەتێکە کە بتوانن عبدللە ئۆجەلان لە گۆشەگیری و زیندان ڕزگار بکەن و دەورەیەکی دیکە لە دانوسان بە ئومێدی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی تورکیادا دەست پێبکەن.

ڕۆشنە کە چ باخچەلی و چ ئۆردوگان بەشوێن وەڵامدانەوە بە خواستەکانی خەڵکی کوردستان نین، ئەگەر ئەوان دەیانەوێت داواکاریەکانیان بەرەسمی بناسن، ئەوە هەنگاوی یەکەم ئەو سەرکوت و فەزا سەربازیەی ناوچە کوردیەکان لاببەن و بەشداری خەڵکی لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگادا بەرەسمی بناسن، دەتوانن فەزای ئاوەڵا دروستبکەن، کە خەڵک هەست بە هاوڵاتی یەکسان بکات، ئەمە هەنگاوی یەکەمە لەڕاستای ئەو پرۆسە ئاشتیەی کە دەیانەوێت لە کوردستان یان لە ڕێگای ئۆجەلانەوە دەست بۆ ببەن.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر گریمان ئەم پرۆژە ئاشتیە نوێیە چەکی بە پەکەکەش دانا، ئەی ئۆردگان و باخچەلی و حکومەتەکەی وەڵامیان بۆ قەیرانی ئابوری و سیاسی سەراسەری تورکیا چی دەبێت، ئەی وەڵامیان بۆ کێشەکانیان لە سوریا و قوبرس و یۆنان چی دەبێت، ئەی فەزای سەرکوتی ئازادی سیاسی چۆن وەڵام دەدەنەوە، ئەی هێزەکانیان لە کوردستانی عێراقدا چی بەسەر دێت، ئەمانە کۆمەڵێک مەسەلەی گرنگی سیاسی – ئابوری و کۆمەڵایەتین کە حکومەتی ئەکەپە- مەهەپە دەرگیری بووەو ڕەنگە ئەگەر پرۆسەی ئاشتیش سەربکەوێ، کە ئەگەرێکی نزیک نیە، بەڵام هەموو ئەو پرسیارانە بە هێزی خۆیان لەبەردەم بۆرژوازی تورکیاو حکومەتەکەیدا دەمێنێتەوە.

★

**لەو حاڵەتانەدا کە پێشینەی ستەمی نەتەوەیی و دژایەتی نێوان خەڵکی سەربە نەتەوە جیاجیاکان پێکەوەژیانی ئەوانی لەچوارچێوەی ووڵاتەکانی ئێستادا دژوار و پڕ دەردەسەر کردووە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مافی جیابوونەوەی نەتەوە ستەملێکراوەکان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەڕێگەی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای خودی ئەو خەڵکە، بەڕەسمی دەناسێ.**

# هەڵبژاردن تەواو ،بەڵام خواست و ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر بۆ نان و کار و مەعیشەت و ئازادی هەر باقیە!

بەدوای کەمپینێکی سێ هەفتەیی لە بەخشینەوەی بەڵێنی درۆ و خستنەگەڕی دەزگای میدیای حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بۆ گێژکردنی جەماوەر و ڕاکێشانیان بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکەی ڕاگەیاند. لەم کەرنەڤاڵی گێژکردن و بەخشینەوەی بەڵێنی درۆیەدا، پارتی بە دروشمی چاکسازی و باشکردنی دۆخی ئابوری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و یەکیەتیش بە دروشمی ”حوکمرانی ڕاست دەکەینەوە و دەسەڵاتی خۆسەپێن ڕادەگرین“ هاوکات لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیش بە پروپاگەندە کردن بۆ چاکسازی و دانی بەڵێنی دامەزراندنی گەنجان و چارەسەرکردنی کێشەی موچە و پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغدا و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و گەلێک بەڵێنی درۆی تر، بەهەموویان توانییان ڕێژەیەک جەماوەری ناڕازی کوردستان بکێشنەوە بەردەم سندوقەکانی دەگدانەوە و بەشدارییان لەم هەڵبژاردنەدا پێبکەن. ئەوان توانییان بە دەستگرتن و زیندووکردنەوەی بەها و فەرهەنگە پیاوسالاری و پرتوکاوە ناسیونالیستی و ئیسلامیەکانیانەوە، بە دەستبردن بۆ تەبلیغاتی نەتەوەپەرستی و خۆهەڵواسینیان بە ئیسلام و شەریعەتەکەیەوە، بە ڕابردووپەرستی و پیرۆزکردنی سەردار و شێخ و مەلا و سەرۆکی بنەماڵەکانیانەوە، بەوەی کە ژنان سییەکی پیاوان و هاولاتیانێکی تورکمان و مەسیحی ”کۆتا“ن، بە چاونوقاندن لە درۆن و بوردومانی تورکیا و ئێران و هەموو ئەو دڵەڕاوکێیەی کە وەک بەردێکی گەورە لەسەر سینەی خەڵک سەنگینی کردووە، توانییان بە ئامانجە گلاوەکانی خۆیان بگەن. وە لە ئەنجامیشدا بە هەموویان پارتی و یەکیەتییان وەک براوەی یەکەم و دووەم، لەسەر کورسی دەسەڵات دانایەوە و توانییان ئەو کارە لەسەر حسابی خۆشباوەڕی خەڵک بکەن، بەوەی کە لە ڕێگای دەنگدانەوە دەستدرێژیەکانی ئەم دوو حیزبە لەسەر ژیانی خەڵک کورت دەکەنە و ئەو سیستەمە ناوچەیی و میلیشیاییە حیزبیە دەگۆڕن، کە زیاتر لەسی ساڵە ژیانی خەڵک دەهاڕێ. ئەوان سەرکەوتوبون لەم کەمپینەیاندا، بەوەی کە بۆ چوار ساڵی تر خەڵکی کوردستان کۆتوبەندی دەسەڵات و سیستەمێکی دواکەتوو و سەراپا دژی خەڵکی و مودافیعی سەرمایەدران و کۆمپانیاکانیان بکەنەوە ملیان و بەدیار هەژاری و نەداری و گێژاوێکی سیاسیەوە ڕایانبگرنەوە کە هەر ساتە و هەر ڕۆژە قوربانی لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و لە لاوان و ژنان و فەرمانبەران بسەنێت.

لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەدا، حزبە دەسەڵاتدارەکان توانییان جارێکی تر ئەو قەوارە لەرزۆکەی کە هەیە و بۆتە جێگای کۆبوونەوەی مشتێک لە ئەحزابی بۆرژوازی گەندەڵ و تالانچی و خاوەنی کۆمپانیاکان، بەسەر خەڵکی ناڕازی کوردستاندا بقەبڵێنن و شەرعیەتی پێبدەنەوە و بە خەڵکیش بڵێن کە”قەوارەیەی هەرێم دەستکەوتی گەلی کوردە“ و نابێ لەدژی دەست بۆ ڕاپەڕین و شۆرشی خۆتان بەرن! هاوکات ئەوە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی وەک نەوەی نوێ و ئیسلامیەکان و هەڵبراوەکانی بزووتنەوەی گۆران بوون، کە بە خەڵکیان وت ئێوە بۆ گەیشتن بە داخوازیەکانتان، هیچ ڕێگایەکی ترتان لەبەردەم نییە، جگە لە چاکسازی و بەشداریکردنی فراوانتان لە هەڵبژاردندا. وتیان سندوقەکانی دەنگدان سەنگی مەحەکە بۆ گۆڕانکاری و ڕزگاربون لەو سەدان دەردومەینەتیەی کە ساڵەهای ساڵە یەخەی پێگرتوون.

پەیامەکانی نوێنەرانی ئەمریکا و تورکیا و ئێران و دەوڵەتانی تر و پیرۆزبایان لە سەرکەوتنی هەڵبژاردن، ئەو ڕاستیەی دەرخستەوە کە ئەم دەوڵەتانە هێشتا لایەنگری پارتی و یەکیەتی و دەسەڵاتەکەیانن و ئامادەنین لەو دیمکراسیە قەومی و ئاینی و تایفەگەریەی کە لە عێراقدا، بە باڵای خەڵکیان بڕیوە، ”دەسەڵات دەستاودەست پێبکرێ“ لەنێوان حیزبەکاندا. هاوکات پشتیوانی خۆیان لەو سیستەمە مافیایی و گەندەڵە دەربڕی کە ڕۆژانە مافە فەردی و مەدەنیەکانی هاوڵاتیان پێشێل دەکا و ڕۆژنامەنوسان زیندانی دەکا و بە ملهوڕی و بەزۆری چەک دەزگا ڕۆشنبیریەکان دادەخا و زەحمەتکێشانێکی چایچی و گەنجان لە ناوەڕاستی شەقامدا دەکوژێ و دەدەنە بەر شەق.

لەکەنار ئەم ڕاستیانەوە ئەوەی کە لەم هەڵبژاردنەدا دەرکەوت، ڕاستی و دروستی پەیام و لێکدانەوەکانی ئێمەی سەلماند کە بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە بە دەنگدەرانمان وت کە ئەم هەڵبژاردنە بە خواستی دوو حیزبی دەسەڵاتدار، پاش هەڵگرتنی بایکۆتی پارتی، بە پشتیوانی دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەمریکا و لایەنە شیعیەکان دزاین کراوە و هیچ شتێک لەپێگەی پارتی و یەکیەتی و مانەوەیان لەسەر کورسیەکانی دەسەڵات ناگۆڕێ. ئێمە وتمان ئەوەی کە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، دەیڵێن کە ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە و نەزیهە و لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە و بە چاودێری لایەنە دەرەکیەکان سازدراوە، ئەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە چارەنوسازە و بە بەشداری و بە دەنگی خەڵک گۆڕانکاری بەدی دێت، جگەلە بانگەشەیەکی فریوکارانە و هەوڵدانیان بۆ

دەستکێشانەوەی خەڵک لە نارەزایەتی و خواستەکانیان، شتێکی تر نیە و شەریکەبەشن لە قایمکردنەوەی دەسەڵاتی دوو حیزبی بنەماڵە بەسەر سەری خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانەوە. ئێمە وتمان جەماوەری نارازی کوردستان ئەگەر داوا و خواستی هەیە، ئەگەر چاوی لە گۆرانکاری و باشکردنی ژیانی بریوە، لە یەکەم هەنگاودا نابێ فریوی بانگەشەی لایەنەکان و بەڵێنەکانیان بخۆن و دەبێ وەک ریزێکی سەربەخۆی چینایەتی و جیاواز لە حیزبەکان و سیناریۆی هەڵبژاردنەکەیان بۆ خواستەکانی خۆیان لە مەیداندا بمێننەوە. بێگومان سەرەرای بەشداری نەکردنی رێژەیەک لە دەنگدەران و دووسەد هەزار دەنگی پوچەڵ و هەموو ئەو تەزویرات و فرتوفێڵەی حیزبەکان، بەشداریکردنی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان لەم هەلبژاردنەدا، دەرخەری ئەو راستیەشە کە خەڵکی نارازی کوردستان، بۆ تۆڵەسەندنەوە و ملشکاندنی دوو حیزبی دەسەلاتدار، کەوتنەداوی ئەو وەهمەوە کە ئەگەر دەنگ بە"لایەنێکی تاقینەکراوە" بدەن دەتوانن گۆرانکاری لە دەسەڵاتدا بکەن، لەمەشدا هێز و توانای مەزنی خۆیان لەبیر کرد. لەکاتێکدا واقعیەتە چینایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و سروشتی دەسەڵاتێکی حیزبی و میلیشیایی و مافیایی و بنەماڵەیی، چەندین جار ئەو راستیەی سەلماندووە کە گۆرانکاری لەرێگای کارتەکانی دەنگدانەوە بەدی نایەت.

ئێستا کە یەکیەتی و پارتی و حیزبە براوەکانی ئۆپۆزسیۆن شایی و لۆغان بە سەرکەوتنەکانیانەوە دەگێرن، کە گوایە دەنگەکان و کورسیەکانیان زیادی کردووە، جگەلە بەرهەمی لاکەوتنی بزوتنەوەی گۆران و دابەشکردنەوەی دەنگ و کورسیەکانی بەسەر خۆیاندا، شتێکی زیاتر نیە. هاوکات ئەم سەرکەوتنە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە دەم و چاوەکانی پەرلەمانی تازە و زیاد و کەم کردنی کورسی لایەنەکان بگۆردرێ، ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بە خواست و داواکانی خەڵکەوە نییە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی شایستە و ئینسانی. بەتایبەتیش لە سەرکەوتێکدا کە پارتی و یەکیەتی وەک هێزی یەکەم و دووەم دابنێتەوە، لەو ئەنجامە زیاتر تێناپەرێت کە هەمان ئەو دەسەڵات و سیستەمەی لێبەرهەم بێتەوە، کە سێ دەهەیە ژیانی هاولاتیانی کوردستانی بە هەزارویەک دەرد و مەینەتیەوە لە قاڵبداوە. بەلام ئەم سەرکەوتنەی لایەنەکان جگەلەوەی کاتیە و درەنگ یا زوو ناکۆکیەکان دەتەقنەوە و بۆمبی قەیرانە بەردەوامەکان، لەژێر پێی پەرلەمان و کابینەی حکومەتی تازەدا دەتەقنەوە. هاوکات دۆخی سیاسی ناوچەکە و ئەو گۆرانکاریانەی کە بەرێکەوتون، هێندەی تر کێشە ناوخۆییەکان، کێشە لەگەڵ بەغدا، هەرەشەی دەولەتانی ناوچەکە و هاوکێشەی تازەی نێوانیان، سەراپای سیستەمی حوکمرانی لەگەڵ ئاستەنگی گەورە بەرەورووەدەکاتەوە. لە سەرێکی تریشەوە هەڵبژاردنێک کە ئەنجام درا، هەرگیز بریار نییە بێکاری و هەژاری و ئەو جیاوازیە چینایەتیەی کە فیرعەونەکانی دەسەڵات و نێو حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی بردۆتە ئاسمان، چارەسەر و کەم بکاتەوە. بریار نییە کابینەی تازە باجگیری و تالان و برۆ و زوڵم و زۆری کۆمپانیاکان لەسەر کرێکاران و هاولاتیان هەڵگرێ و موچە و خزمەتگوزاریەکان و ویستی باشبژێوی دابینبکات. بریار نییە باری لاری "قەوارەی هەرێم" لە فیدراڵیزمێکی قەومی شکستخواردودا راستبکاتەوە و هەولی لایەنە شیعەکانی عێراق بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەند رابگرێ. لە یەک وتەدا بریار نییە هەڵبژاردن شامی شەریف بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکات. بەپێچەوانەوە، هەر زوو تەپۆتۆزی هەڵبژاردن دەرەوێتەوە و جەماوەری نارازی پەی بە راستیەکانی ژیانی خۆیان و دەسەڵات دەبەنەوە و ناوەندی شەقام و شارەکان بۆ خواستەکانیان دەگرنەوە.

**کرێکاران، خەڵکی زەحمەتکێش!**

هەڵبژاردن تەواوبوو، بەلام خواست و نارەزایەتیەکانی ئێمە بۆ نان و کار و مەعیشەت و ئازادی، بۆ سەلامەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، لە شوێنی خۆیدا، نەک هەر بەهێزی خۆیەوە ماوە، بەڵکو ئێتر کاتی ئەوەیە یەخەی هەموو ئەو حیزب و لایەنانە بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە بگرین کە بەڵێنی باشکردنی ژیانمانیان دا. کاتی ئەوەیە کە وەک ریزێکی چینایەتی و بزوتنەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ و شۆرشگێرانە چارەنوسی خۆمان بەدەستی خۆمان بۆ گۆرانکاری ریشەیی بەدەستەوە بگرین. کاتی ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە لە دەوری داخوازیەکانمان کۆببینەوە و ناوەندەکانی کار و ژیانمان بکەینە مەیدانی خۆنواندنی هێزی چینایەتی و نارازەزایەتیەکانمان. دەرسێک کە دەبێ لەم هەڵبژرادنەوە وەریبگرین، جیاکردنەوەی ریزی سەربەخۆی چینایەتیمانە لە هەموو حزبە بۆرژوازیەکان. دوورکەوتنەوەمانە لەفریوخواردن بە پروپاگەندە و سیاسەتەکانیان. ئەگەر ئەمانەوێت ژیانمان باشتر بکەین، ئەگەر دەمانەوێت کۆتایی بەو یاریە گلاوە بهێنین کە حزبە قەومی و ئیسلامیەکان کە بەژیانی ئێمەی دەکەن، ئەگەر دەمانەوێت ژیانی ئەمرۆ و سبەینێ خۆمان و منداڵەکانمان لە بازنەی دەسەڵات و سیستمێک کەب ۆرژوازی کورد دایمەزراندووە دەرکێشین و کۆتایی بە هەموو ئەو دەرد و مەینەتیانە بهێنین کە بەرۆکی گرتوین، دەبێ ریزەکانی خۆمان یەکگرتو و ریکخراوبکەین و بە ئاسۆیەکی شۆرشگێرانەی چینایەتیەوە لە مەیداندا راوەستین. دابینکردنی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی و بردنی کوردستان بەرەو کۆمەڵگایەک کە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان تێدا ئاسودە بێت، تەنها بە خەباتی شۆرشگێرانە و بە هێزی یەکگرتوی جەماوەریمان مەیسەر و مومکینە.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤**

# سیاسەتی ئیسرائیل لە شەڕەکانی غەززە و لوبناندا کۆتاییەکی ڕوونی نییە!

عوسمانی حاجی مارف

لە سەعاتەکانی دوای ڕاگەیاندنی کوژرانی یەحیا سنوار بەرپرسی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی حەماس، چەند ناوچەیەک لە کەرتی غەززە گەمارۆدراو کەوتە بەر بۆردومانی چڕەوە و کوشتاری خەڵکی مەدەنی نەوەستا. تەواو بەپێچەوانەی ئەوانەی باوەڕیان وابوو دوای تیرۆری سنوار شەڕ کۆتایی دێت و ژیان ئاسایی دەبێتەوە. دڕندەیی و ستراتیژی ناتانیاهۆ بۆ داگیرکاری و وەستانەوەی بەرامبەر چارەنوسی فەلەستین، لەوە واوەترە بە تیرۆری سەرکردەکانی حەماس و حزبوڵڵا، بۆردمان و کوشتارو شەڕی وێرانکەر ڕاگرێت، یان بەئاسانی دەست لە هەڕەشەکانی بەرامبەر ئێران هەڵبگرێت. بەداخەوە شەڕەکە نەوەستاوە و کوشتار بەردەوامەو لەهەمانکاتدا ئەگەری فراوانکردنەوەی شەڕەکە ئەگەرێکی زیاترە.

کوشتنی سنوار هیوای بەهەندێک دا کە ڕەنگە ڕێگە خۆش بکات بۆ زیندووکردنەوەی دانوسان بەئامانجی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک، گوایە بایدن لەمێژە هەوڵی ئاگربەست لە غەززە و ئازادکردنی بارمتەکان دەدات، بەڵام دەرئەنجامێکی لەوشێوەیە بەهیچ شێوەیەک دڵنیا نییە. ئەمەش لە لێدوانەکانی بایدن دا ڕەنگدەداتەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوبەڕوی کێشەی یەک لە دوای یەک و ئاڵۆز دەبنەوە.

هەروەها پلانی ناتانیاهۆ زیاتر بۆ پاراستنی ئیسرائیلە بۆ دوای جەنگ، تاگەر ئیسرائیل سەرکەوتنی گەورەتریش بەدەست بهێنێت، هەوڵەدات بەشی باکووری غەززە لە ژێر داگیرکاری هەمیشەیی ئیسرائیلدا بهێڵێتەوەو دەستەیەکی حوکمرانی دامەزرێنن کە حەماس لەخۆنەگرێت، بەڵام بزوتنەوەی حەماس دوای ساڵێک لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیە چڕەکان هێشتا چالاکە. تا ئێستا ١٠١ بارمتەی ئیسرائیلیان ڕادەست نەکردۆتەوە.

پلانی ناتانیاهۆ لە باکووری کەرتی غەززەدا سەپاندنی گەمارۆیەکی تەواوە، کە داوادەکات هەموو هاوڵاتیانی مەدەنی غەززە ناوچەکە بەجێبهێڵن، هەموو ئەو کەسانەی کە لەم ناوچە سەربازیە وێرانکراوە داخراوانەدا ماونەتەوە، بە شەڕکەری دوژمن هەژمار بکرێن و دەرگای هاوکاریان لێداخرێت. هێزەکانی ئیسرائیل ناوچەیەکی بەرفراوانی باکووری غەززەیان گەمارۆداوە و داخستنی ڕێگاکان ڕێگری لە گەیاندنی پێداویستیەکان بۆ خەڵکی ناوچەکە دەکات، تا فەلەستینیەکانی غەززە ناچاربن ناوچەکە بەجێبهێڵن و چۆڵی کەن بۆ ئیسرائیلیەکان.

ئامانجی سەرەکی حکومەتی ئیسرائیل لە غەززە کۆتاییهێنانە بە حەماس، گەر ئەو کۆتاییهێنانەی حەماس لەسەر کوشتاری تەواوی دانیشتوانی غەززە بکەوێت، دەست ناپارێزێت، چونکە ناتانیاهۆ باش دەزانێت تا وەڵام بەکێشەی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین نەداتەوە، کە نایەوێت بیداتەوە، زمینەی دووبارە بوژانەوەی حەماس هەیەو خاوەنی بنکەی فراوانی پشتیوانی جەماوەریە لەنێو دانیشتوانی فەلەستیندا.

ئیسرائیل لە مانگی سێپتەمبەری ڕابردودا بە فەرمی ڕایگەیاندوە، کۆتایهێنان بە هێرشەکانی حزبوڵڵا بۆ سەر باکووری ئیسرائیل ئامانجێکی شەڕەکەیەتی .بەڵام بە دوای تیرۆرکردنی بەشێک لە سەرکردەکانی حزبوڵڵا، پلانێکی دیاریکراوی ڕۆشنی نیە. دەیانەوێت ناوچەیەکی پاراستن لە دیوی سنوری لوبنانیش دابمەزرێنن، کە حیزبوڵڵا و گرووپە چەکدارەکانی دیکەی فەلەستین وەک حەماس نەتوانن چالاکی تێدا بکەن.

لە کاتێکدا کە لەشکرکێشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان بە هێواشی بەرەوپێش دەچێت، بەڵام پلانێکی ڕۆشنی بۆ پاراستنی ناوچەی پارێزراو نەخستوتەڕوو، جگە لەوەی بەردەوام دەبێت لە پەسەندکردنی فشارە سەربازیەکان دژی حزبوڵڵا لە لوبنان، تا ئەوکاتەی تواناکانی ئەو گرووپە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبنەوە یان لەناو دەچن .

ئەگەر ناتانیاهۆ ڕایبگەیەنێت کە دواجار لە غەززە یان لوبنان دەکشێتەوە، ئەوا مەترسی لەدەستدانی پشتیوانی ڕاستی توندڕەو دەبێت، بەمەش لایەنگرانی ڕاستی ناوەڕاست لەدەست دەدات و مەیلی وەستانەوەی ئۆپۆزسیۆنێک لەبەرامبەر خۆیدا دەجولێنێت، کە دواتر ئەو ئۆپۆزسیۆنە سوود لە ماندویتی سەردەمی جەنگ وەردەگرن لە بەرامبەر ناتانیاهۆدا.

لایەنە ڕاست توندڕەوەکان زیاتر پشتگیری لەو بژاردەیە دەکەن و ئاواتەخوازن بۆ نیشتەجێکردنی ئیسرائیلیەکان لەغەززەدا، هەروەها فراوانکردنی نیشتەجێبونی ئیسرائیلیەکان لە باشووری لوبنان بۆ دەستەبەرکردنی ناوچەیەکی پارێزراو.

ناتانیاهۆ مێژوویەکی دوور و درێژی تۆمارکرد لە پشتگوێخستنی بڕگەکانی ڕێککەوتنەکانی ئۆسلۆ و یاسا نێودەوڵەتیەکان، بە پەسەندکردنی نیشتەجێبونەکان لە کەناری ڕۆژئاوادا، بەبێئەوەی بەڕوونی سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی هەمیشەیی بەسەر

بۆیە. ئەو ناوچانەدا ڕابگەیەنێت ئەم سیاسەتە زیاتر بەوە وەسف دەکرێت کە کاریگەری لەسەر یەکلاکردنەوەی کۆتایی هێنان بە چاوەڕوانکردنی نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیلیەکاندا دەهێنێت، کە نیشتەجێکردنی ئیسرائیلیەکان لەو ناوچانەی بۆ پارستنی ئیسرائیل پێویستیانە لای ناتانیاهۆو ڕاسترەوە توندرەوەکان مەسەلەیەکی براوەیە.

ئیسرائیل بەردەوام دەبێت لەسەر ئاراستەی داگیرکاریەکی سەربازی کراوە لە غەززە، کە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی لەگەڵ میسر و غەززە لەخۆدەگرێت، ئەمەش وادەکات گواستنەوەی فەرمی دوای جەنگ بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی فەلەستین لە کەرتی غەززە لەلایەن هەر لەم. هێزێکی فەلەستینیەوە قورس بێت نێوەندەدا پێدەچێت ئیسرائیل درێژە بە ستراتیژی هەڵکوتانەسەر و کشانەوە بدات بە بەکارهێنانی هێزێک کە لە هەزار بۆ چوار هەزار سەرباز پێکهاتووە، نەک ئەو یەکە بچوکانەی کە تایبەتمەندی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانین لە کەناری ڕۆژئاوادا.

لەکاتێکدا ئەم ستراتیژە لە داگیرکردنی کەرتی ڕۆژئاوا لەلایەن ئیسرائیلەوە جێبەجێدەکرێت، بەڵام حکومەتی ئیسرائیل بەشێوەیەکی یاسایی وەک داگیرکاری لەبری ئەوە وەک. پێناسەی ناکات بەردەوامی ئۆپەراسیۆنی شەڕێکی درێژخایان کە لە دژی یاخیبونێکی ناوخۆی ئیسرائیل ئەژماری دەکات و حکومەتەکەی لەو یاخیبوونە دەپارێزێت، بەڵام ئەم ستراتیژە دەبێتەهۆی ئەوەی کە گواستنەوەی دەسەڵات لە دوای شەڕی غەززە قورس بێت، چونکە پێناچێت حەماس بەبێ قایلبوونی پێگەیەک لە دەسەڵاتی غەززەدا بە ئاگربەست ڕازی بێت، لە لایەکی تریشەوە پێدەچێت ئیدارەی ناتانیاهۆ ئامانجەکانی جەنگی خۆی لە لوبنان بە فراوانی بهێڵێتەوە تا ئەوکاتەی کە بتوانێ حزبوڵڵا گۆشەگیرکات.

ئەم ئامانجە لەگەڵ وێرانکردنی بەربڵاوی ژێرخانی سەربازی و مەدەنی لە باشووری لوبنان دەبێت، بۆئەوەی ناوچەکە نەگونجاو بێت بۆ جێگیرکردنی دواتریش. هەر هێزێکی میلیشیایی بەوشێوەیە سود لە دانوسان وەردەگرێت.

ئەمەش ئیسرائیلیش پابەند دەکات بە بەردەوامی ململانێیەکی سەربازی ئاشکرا لە باشووری لوبنان لەگەڵ حزبوڵلادا، تا دواتر بە چارەسەری دیپلۆماسی یان دارمانێکی شکستخواردوی یەکێک لە لایەنەکان کۆتایی دێت، ئەم دۆخەش کۆتاییەکەی نادیارە.

توندڕەوانی نێو حکومەتی ئیسرائیل بەبێ سیاسەتێکی دیاریکراو هەوڵدەدەن ئەجێنداکانیان بۆ نیشتەجێکردنی ئیسرائیلیەکان لەغەززە و ئاسایکردنەوەی بنیاتنانی نیشتەجێبون لە باشووری لوبنان ئەمەش پەیوەندیەکانی. بەرەوپێش ببەن ئیسرائیل لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی زیاتر ئاڵۆز دەکات.

ئاسایکردنەوەی بیرۆکەی نیشتەجێبونی ئیسرایلیەکان لە کەناری ڕۆژئاوا و کەرتی غەززە ساڵانێکی زۆری خایاندووە لە کۆمەڵگەی ئیسرائیلدا، پاش دەیان ساڵ لە فراوانبوون و گۆڕانکاری لە ڕای گشتیدا، زۆربەی ئیسرائیلیەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە نیشتەجێبونەکان بە تایبەتی لە کەناری ڕۆژئاوا، لە هەر ڕێککەوتنێکی کۆتایدا لەگەڵ فەڵەستینیەکان هەمیشەیی دەبن، واتە دەبێت فەلەستینیەکان بەشێک بن لە ئیسرائیل.

بەوپێیەی حکومەتی ئیسرائیل وردەکاری سیاسەتی نیشتەجێکردنی خۆی لە غەززە یان لوبنان ناخاتەڕوو، پێدەچێت لایەنگرانی ڕاستی توندڕەو و بەشێک لە وەزیرەکان لایەنگری بۆ پێشخستنی ئامانجی نیشتەجێبون لە هەردوو ناوچەکەدا بکەن، بۆ ئەم نەخشەیەش بۆیان گرنگ نیە شەرەکە چەند دەخایەنێت و پێیان گونجاو نیە دانوسان بکرێت.

نەبوونی هیچ سیاسەتێکی ڕونی حکومەتی ئیسرائیل لە چۆنیەتی نیشتەجێکردنی ئیسرائیلیەکان لە غەززەو لابردنی فەلەستینیەکان، بەو مانایەیە کە بەگەڕانەوەی دانیشتوانی ئیسرائیل بۆ غەززە، دەبێتە هۆی ئاوارەبونی هەمیشەیی فەلەستینیەکان لەو ناوچانەدا.

لە کاتێکدا پێدەچێت بەهۆی درێژەکێشانی شەڕەکە لە ماوەیەکی نزیکدا نیشتەجێبونەکان لە باشووری لوبنان لەنێو بەشێکی زۆری ئیسرائیلیەکاندا بە ناپەسەند بمێننەوە، بەڵام لایەنگرانی نیشتەجێبون، هەوڵدەدەن باشووری لوبنان وەک ئامانجێکی داهاتووی داگیرکاری و نیشتەجێبون لە گوتاری گشتیدا ئاسایی بکەنەوە، بەتایبەت کە شەڕی لوبنان بەردەوامە، لەملاشەوە نەک هەوڵێکی عەمەلی و جدی لە ئەمریکاو ڕۆژئاوا بۆ کۆتایی ئەم شەڕە نەخراوەتەڕوو، بەڵکو پێداگری بۆ پشتیوانی لە ئیسرائیل و تاوانەکانی. ڕێچکەیەکی بەردەوامە لەهەمانکاتدا ململانێی زلهێزەکانی دنیا، تائێستا ڕەنگدانەوەیەکی وەها نیشان نادات کە دۆخەکە بەرەو کۆتایی ئەم شەڕە بێت، واتە دەتوانین بڵێین کۆتایی ئەم شەڕە ڕوون نیە، مەگەر گەورەبون و فراوانبونەوەی فشارێکی بەرفراوانی نارەزایەتی جەماوەری جیهانی بەر بەم کارەسات و هێرشانەی ئیسرائیل بگرێت.

## لە بەرنامەی " دنیای باشتر"ەوە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:

# پرەنسیپ و چوارچێوە گشتیەکان

1. دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی بنیاتنراو لەسەر بەشداری ڕاستەوخۆ و بەردەوامی خەڵک لە کاروباری حوکمڕانیدا.

2. دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان بەشێوەیەکی فراوان و بێقەیدوشەرت و زامنکراوو یەکسان بۆ هەمووان. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە جیاکاریەک لەسەر بناغەی جنس، ڕەگەزنامە، ئینتمای ئەتنیکی و نەتەوەیی و نەژادی و دینی، تەمەن و ☐ تاد.

3. پیادەکردنی ستانداردە ئابووری و باشبژێویە گشتیەکان، وە هەروەها یاسای کارێکی پێشڕەو کە بەرزترین ئاستی ژیان و باشبژێوی و ئاسوودەیی ئابووری خەڵک بەسەر نیزامی سەرمایەداریدا بسەپێنێ.

4. پەسەندکردنی کۆمەڵە یاسا و هەنگاوێکی وا کە بە خێراترین و ڕیشەییترین شێوە بیروباوەڕ و داب ونەریت و ئەخلاقیاتی کۆنەپەرستانە و دوبەرەکی و سووکایەتی ئامێز هەڵپێچێ و ڕێگا بۆ بەرپاکردن و جێخستنی کەلتوور و کۆمەڵە بەها و پەیوەندیەکی ئینسانی هەرچی ئازادتر و ئازادیخوازانەتر فەراهەم بکات.

5. دامەرزاندنی کۆمەڵە ستاندارد و یاسایەک کە کوردستان بکاتە ناوەندێک بۆ بەهێزکردن و پشتیوانی کردنی خەباتە ئازادیخوازانەکان و پێوانە و بەها ئینسانیە پێشڕەوەکان و خەباتە کرێکاریی و سۆسیالیستیەکان لە سەرتاسەری جیهاندا. حکومەتی شوراییهەڵوەشاندنەوەی سوپاحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لایەنگری هەڵوەشانەوەی سوپا و باقی هێزە چەکدارە پیشەییەکان و هەموو ڕێکخراوە سەربازی و پۆلیسی و جاسوسی و موخابەراتیە نهێنیەکانە.حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری سەرباری ئەوە پێی وایە تا کاتێک کە هێزە چەکدارەکان هەن دەبێ ئەم بنەمایانەی خوارەوە لەهەموو حاڵەتێکدا و لە هەموو هەلومەرجێکدا پیادە بکرێن:

6. هێزی شوراکانی خەڵک، دامەزراو لەسەر مەشقی سەربازیی گشتیی و بەشداری گشتیی لە ئەرکە دیسپلینی و دیفاعیەکاندا، جێگای سوپای پیشەیی سەروو خەڵکیی ئیستا دەگرێتەوە.

7. سوپا و هێزە چەکدارە پیشەییەکان لەم کۆمەڵگەیەی ئێستادا شتێکی تر نین جگە لە کۆمەڵێک دارودەستەی چەکدار و بەکرێگیراوی چینی دەسەڵاتدار کە بە خەرجی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بۆ یەخسیرهێشتنەوەی خودی ئەوان و هەروەها پاسەوانیکردن لە بەرژەوەندیە ئابوریەکان و بازاڕی ناوخۆی بورژوازی هەر وولاتێک لەبەرامبەر ئەوانی تردا سازدراوە. سەرباری ئەوەی کە چینی دەسەڵاتدار هەوڵدەدات لەژێر ناوی جۆراوجۆردا ماهیەتی چینایەتی و سوودی ڕاستەقینەی سوپاکەی بشارێتەوە و بە ئۆرگانێکی گشتیی و بە پارێزەری بەرژەوەندی هەموانی لە قەڵەم بدات، بەڵام پەیوەندی توندوتۆڵی سوپاکان بە چینە دەسەڵاتدارەکانەوە و ڕۆڵی ئەوان لە پاسەوانیکردنی بەرژەوەندیەکانی خاوەنانی کۆمەڵگا، نە تەنها لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقیایی و ئەمریکای لاتین کە ڕۆڵی سەرکوتگەرانەی سوپا و پۆلیس تیایاندا بەرجەستەتر و ئاشکراتر بووە، بەڵکو لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوریشدا کە ئەفسانەی سوپای غەیرە سیاسی ڕەواجێکی زیاتری هەیە، بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵک زۆر بەرچاوە.

سەردەمی ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بێمافی ڕاستەقینەی خەڵک و ڕووکەشی بوونی بەشداری ئەوانی لە مەسەلەی حوکمڕانی لە نیزامە دیموکراسیە لیبراڵی و پەرلەمانیەکاندا نیشانداوە. کۆمەڵگایەک کە بیەوێت بەشداری کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوڵەت و لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکانیدا زامن بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی دابمەزرێ. دەبێ حوکمڕانیکردن لە ئاستە جیاجیاکاندا، لە ئاستی ناوچەیی و سەراسەریدا، لەلایەن شوراکانی خودی خەڵکەوە ئەنجام بدرێ کە هەموویان هەم وەکو یاسادانەر و هەم پیادەکەری یاسا کاردەکەن. بەرزترین ئۆرگانی حکومەتی لە وڵاتدا کۆنگرەی سەرتاسەریی نوێنەرانی شوراکانی خەڵک دەبێت. هەر کەسێکی سەرووی ١٦ساڵ بە ئەندامێکی خاوەن دەنگی شورای ناوچەکەی خۆی دەژمێردرێت و مافی ئەوەی هەیە کە خۆی بۆ هەموو پلەوپایە و پۆستەکانی شورای ناوچەکەی یان نوێنەرایەتیکردن لە شوراکانی سەرەوەتردا کاندید بکات.

......

**بەدکەڵک وەرگرتنی کاربەدەستانی ئیداری لە پۆستەکانیان، بەرتیلخۆری، واستەکردن، جیاکاری، سەرپێچیکردن و لادان لە یاسا و ڕێسا و دەقە یاساییەکان یان کەمتەرخەمی کردن لە جێبەجێکردنیاندا، ئەمانە دەبێ بە وێنەی تاوانی گەورە لە دادگا ئاساییەکاندا لێیان بکۆڵرێتەوە. قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای بەکارهێنانی ئیمکانات و ئاسانکاریە ئیداریەکان بۆ کاروباری شەخسی.**